

# یادێک لە پێشەوا قازی و چوارچرا

نووسینی: هێرش

ئامادەکردنی: فارووق فەرهاد

بەیادی نووسەر، شاعیر، وەرگێڕ و ڕۆژنامەوان سولەیمانی چیرە (هێرش)

پرسیان لە قازی بەسەر دارەوە
وشەی کوردستان بەسەر زارەوە
تاوانت چ بوو! گوتی: " چوارچرا "
جوانترین خەڵات لە "دەربارە"وە
" هێرش "

یادێک لە پێشەوا قازی و چوارچرا

لە دوایێنی خوارووی ڕووو بە ڕۆژئاوای کێوی داشا مەجید کە خۆی کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد، چەند ڕیزە گڵگۆیەک لە بناری ئەو کێوە هەڵکەوتووە کەوا، ئێستاش ڕێرەوانی شێوازی شەرەف و ئارمانخوازی و تامەزرۆیانی ڕێبازی ئەوین و ئیسنان نەوازی، بە شانازی ڕوویان تێدەکەن و پەیمانی پیاوەتی و گیانبازی نویێ دەکەنەوە. یەکێک لە گڵگۆیانە، گڵگۆی پیرۆزی قازی محەممەد، پێشەوای نەمری گەلی کوردە.

چەند ساڵ دوای کودەتای نیزامی ساڵی ١٣٣٢ .١٩٥٣ کە کەریمی وەرهەرام بوو بە فەرماندارێ نیزامی شاری مەهاباد، بە پاشماوەی یادێک لە پێشەوا گوێرەی مەسڵەحەتی بورژوازی دەسەڵاتداری سەرانسەری دەیویست هێندی بەرنامەی شارستانی دەست پێ بکا و گۆڕستانی "پشت قەلا" لە گەڵ زەوی تەخت بکا. بە پێی ئەو پرۆژەیە، بەشی هەرە زۆری ئەو گۆڕستانە، گۆڕکراو بەرەبەرە خانوو و بەرەی لێ بنیات نرا.

دەگێرنەوە و دەڵێن کاتێ بە دەستووری وەرهەرام بۆلدزێرەکان لە گڵگۆی "قازی"یەکان نیزیک دەبنەوە وەرهەرام سامێکی زۆر عەجایب دەیگریێ، جا چ نیوێرابێ یا خود پێ کارێکی قەبیح بووبێ، ئەو سێ گڵگۆیە وەک خۆیان بەڵام بێ کێل و بەردەنووس دەمێنێتەوە و دەبنە مەزارگەی خەڵک و چل دانەیان لەسەر دەگرنەوە.

٢٠ . ٣٠ساڵ لەمەوبەر بۆ منداڵانی مەدرەسە بە تایبەت ئەوانی تەمبەڵ و دەرس نەخوێن باو بوو، هەرکە وەختی ئەزموون و ئیمتحان دەهات، دەچوونە سەر چاک و پیران و بۆ ئەوەی بزانن دەردەچن. یا چل دانەیان دەگرتەوە یاخود ڕیزەڵە بەردیان بە کێلەکەیانەوە دەنا.

منیش لە ڕیزی ئەوانە، هەرواخۆ ئاسایی بیستبووم کە لە لای داشا مەجیدی چاکێکی پیرۆزی لێیە و هەر نیازێکی هەتبێ، یەکاویەکە. وەخایێک بەم نیازە لەو جێگایە، نیزیک بۆمەوە پیرە پیاوێکم دی کە لەسەر تەپۆلکەیەکی هەڵتوتەکاوە و بە چاوی فرمێسکاوی، فاتیحای داداوە، دوای ماوەیەک لەمن پرسیار و لەوی وەڵام، ئاشکرابوو، کە ئەوە گلگۆی پیرۆزی پێشەوایە.



لەڕاستەوە: شەهید محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازی . سەدری قازی . پێشەوا قازی محەممەد

ئەو کورتە پێشەکییەم لەبەر وەی کرد بە هەوێنی باسەکەم، تاکوو بۆ خوێنەری بەڕێز ڕوون بێتەوە کە ئێمەی کورد، بۆچی و لەبەرچی یادی ئەو قارەمانە بلیمەتە کوردە و هەواڵەکانی زیندوو دەکەینەوە.

قازی محەممەد، ڕووناکبیری ئازاد و ئازادیخوازی، قازی عەداڵەتخواز و پاکباز، ئەندامی بە مشووری کۆمەڵەی ژ . ک، ڕێبەری حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان، پێشەوای بوێرو پێشمەرگەی دلێری گەلی کورد لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٠ ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ . ١٩٤٧ لە چوارچرای شاری مەهاباد، لە گەڵ محەممەد حەسێن خانی سەیفی قازی و سەدری قازی، بە تاوانی خەبات بۆ ڕزگاری کورد لە دار درا.

نووسەری ئەو یادنامەیە، ئەگەر بە قەرا، تەواوی ئەستێرەی ئاسمانی ئەو شەوە زەنگەی کە شاهیدی ئەو جنایەتە بوون، یا ئەگەر بە بارتەقای تەواوی ئەو فرمێسکانەی کە شەو و نیوە شەوان بە یادی ئەو ئەزیزانە ڕژاون، خاوەنی وشەی پەتی کوردەواری بێ، هێشتا لە تواندن و ناساندنی شەخسیەتی مێژوویی ئەو قارەمانانە، عاجز و ناتەواوە.

بێتوو کەسایەتی قازی محەممەد، لە باری خۆ و ڕەوشتی مرۆڤایەتی کار و ئاکاری کۆمەڵایەتی، بیروباوەری نەتەوایەتی بە وردی لێک بدرێتەوە، لە مێژووی هاوچەرخدا، نموونەی ئینسانی وا، کەم دەبیندرێ.

زۆر سیاسەتمەدار و گەورە پیاو، کە لە دیپلۆمات و زلە ژەنەراڵ، لە ڕۆژی تەنگانە، بەتایبەت کە مان و نەمان لە ئارا دابێ، پشتیان لە بیروباوەر و ئارمانی گەل کردەوە و خۆیان دۆڕاندوە. بەڵام قازی محەممەد، بە پێچەوانەی ئەوە، دروست لەو وەختەیدا کە لە بواری نیزامی و عەسکەری شکستی خوارد، لە باری بیروباوەری سیاسی، تێهەڵچۆوە، و سەری بۆ دوژمنی زۆڵ و فێڵباز دانەنواند.

قازی محەممەد، بە گوێرەی گەلێک بەڵگەی باوەڕپێکراو دەیتوانی گیانی خۆی و هەواڵەکانی نەجات بدا، بە مەرجێک لە بیرەوباوەری کوردایەتی و مەرامی کۆمەڵایەتی، چاوپۆشی کردبا، گیانی خۆی دا، بەڵام ملی نەدا.

قازی پێشەوا و پێشمەرگە، لێی سوور و عەیان بوو کە لەوانەیە ڕۆژی لە ڕۆژان تەنافی ڕق و قینی شوڤێنیستی حاکمی سەر بە ئەمریکای، بخرێتە مڵ و کۆمارە ساواکەشی، لە سای پیلانی دوژمنانی کورد و خۆخۆری دەرەبەگە خۆفرۆشەکان و خەیانەتی زرە کوردەکانی سەر بە دەوڵەتی مەرکەزی، لەناو چێ، بەڵام بیروباوەرەکەی چی کە هەتا هەتایە دەبێتە هاندەری ڕۆڵە پێگەیشتووەکانی قوتابخانەی خۆی.

ڕاسته له دار دانی پێشەوای گەل، بۆ کۆمەڵی کوردەواری، زایعەیێکی دڵتەزێنی ئەو سەردەمە بوو، بەڵام چۆنیەتی شەهادەت و گیانبازی ئەو ئینسانە، وەها ئاگرێکی نایەوە کەتا وەدی هاتنی مافی ڕەوای گەلی کورد، بەم زوانە، ڕۆنامرکێ. هەر بۆیەش نێوی پێشەوا و چوارچرا، بۆ هەموو کوردێکی ئارمانخواز و نیشتمانپەروەر، بوونەتە، ڕەمزی تۆڵە و خەبات و بەرەنگاری.

ئەویش ڕاسته کە دوژمنانی ئەمرۆی کورد بە هەموو شێوەیێکی نائینسانی و نەخشە و پیلانی شەیتانی دەیانەوێ جوڵانەوەی گەلی کورد لە پێناو وەدی هێنانی مافی چارەنووس، بنەبڕ بکەن، بەڵام تاکوو، تاکە کوردێکی پێشمەرگە لە سەر ڕێبازی پێشەوا مابێ ئاواتی دوژمن محاڵە.


سولەیمانی چیرە (هێرش)

١٩٩٠/٣/١٤

. سەرچاوە:ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ ژمارە ٤٩ ڕەشەمەی ١٣٦٨ مارسی ١٩٩٠

. وێنەی پێشەوا کاری جوانی دۆستی هێژا کاک دیاکۆی ئیبراهیمیان

. سپاس بۆ هاوکاری سیمینی ئیفتیخاری



سولەیمانی چیرە ( هێرش )



فارووق فەرهاد